# خۆفرۆشی و ئاژاوە نانەوە تاکەی؟؟؟!!!

**هاوبیر**
hawbyr@yahoo.com.au
22-10-2006

هەروەکو هەمووومان زۆر باش دەزانین کە ئێستا گەلی کورد لەبارو دۆخێکدایە، کەزیاتر لەهەموو کات و ساتێک پێویستی بە یەکدەنگی و یەکرِیزی هەیە، نەک بەئاگر خۆشکردن و ئاژاوە نانەوەو شەڕ خوازی!

لەم ڕۆژانەدا بابەتێکم کەوتەبەرچاو کەلە 20-10-2006 لەسایتی کوردستان نێت دا بڵاوکرابۆوە، لەژێر ناوی: (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و عەبدوڵلا حەسەن زادە، دەیانەوێت چی کەتنێکی دیکە بدەنەوە؟...) لەلایەن بۆرە کوردێک بەناوی خوازراوی (پێشەوا) بەداڕشتنی ئینشایەکی داڕێژراوی دڵڕەشانە لەلایەن دوژمنانی کوردو کوردستان، کەدڵنیام ئەو بەناو پێشەواو بۆرە نوسەرە، لەلایەن میتی تورکیاو ئیتلاعاتی ئێرانەوە داری لەپشت دراوەو هاندراوە بۆئەوەی ئاگری دوبەرەکی هەڵبکات و ئاواتی دوژمنانیش وەدی بێنێت.

من دڵنیام کەئەو بەڕێزە نەک هەر تەنیا هەر شۆڕشگێڕو خەمخۆر نیە بۆنەتەوەکەی، بەڵکو دوژمنی گەل ونیشتیمانەکەیەتی و هەرچی کەدەیڵێت لەخزمەت بەرژەوەندی دوژمناندایەو چاوی بەهیچ پێشکەوتن و بەرەو پێشچونێکی گەلی کورد هەڵنایە لەهیچ کامێک لەپارچەکانی کوردستان.
من زۆر باش دەزانم کەئەو ووتە ژەهراویانە لەچ زەلکاوێکی بۆگەنەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوانە هەرلەبەر دژایەتی کردنی خەڵکی کورد بوو کەنەیانتوانی لەکوردستانی ئازادا خۆیان ڕابگرن و نان و ئاوی کوردستانیان لێحەرامکرا، ئینجا هەرلەبەر ئەوەیە کە ئێستا زمان درێژی دەکەن و ئاواتیان ئەوەیە کە جارجارە دوژمنانی خاک و خوێن داریان لەپشت بدەن و بە پەلکە نانێکیش ڕازیان بکەن..................................................................................